## حلم اصبح حقيقه

## گەشتێک بە ستۆپ فڕۆکەکەی کوردستان! ... عەلی مەحمود محەمەد



خەون بوو کورد ببێت بە خاوەند فڕۆدگای تایبەتی خۆی، ڕزگاری بێت لەو سوکایەتییەی لە هەموو ئەو بازگانەی سەر سنووری وڵاتانی داگیرکەر پێیان دەکرا، دڕاندنی ئەوەی وشەی کوردستانی لێ دەنووسرا، سوتاندنی ئاڵا، ڕوتکردنەوە و سوکایەتی بە هەموو تاکێك لە بەرزترین پلەوە تا خوار، لەسەرنانی حیجاب.

......

کردنەوەی دەروازە ڕوو لە دەرەوە، هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ بوون بە دەوڵەت و شەق دان لە منەتی وڵاتانی دەوروبەر، بە تایبەتیش داگیرکەرانیان.

ئەم فڕۆدگایانەی کوردستان هەرچەندە ناوی فڕۆدگای نێودەوڵەتیان لێ نراوە، وەلێ بە هیچ پێوەرێکی جیهانی فڕۆدگەی گەڕەکیش نین، هیوادارم لە داهاتوودا لە ڕێگای کۆمپانیا بیانییەکانەوە پەرەی پێ بدەن، چونکە ئەگەر کۆمپانیا کوردییەکانی بەرپرسەکان دەستیان پێی بگات، ڕۆژانە هەواڵی چەقینی فڕۆکەو تکەی ناو باڵاخانەکان و بڕین و کردنەوەی جانتاکان و دزەکردنی کەسانی قاچاخ بۆناو فڕۆکەکان بەبن زەوییدا و.... دەبیستین.

ئەمڕۆ گەشتیارانی کورد و دۆستانییان، بێ سوکایەتی پێکردنی بازگە سنوورییەکانی داگیر کەران گەشتی دەرەوە دەکەن، بێشك قازانجکەری سەرەکی لەمەدا هەر بەرپرسەکانن، چ وەك داهات باجی نیشتنەوە وەردەگرن و هەیبەتی دەسەڵاتیان دەچێتە سەر و بە پۆینت بۆیان دەژمێردرێت، یاخود وەك خاوەندارییەتی بۆ کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی کە هەمووی هی بەرپرسە قەبەکانە قازانجیان لێ دەست دەکەوێت، یا وەك سانایی گەشت کردن و دەست گەیشتنیان لە ماوەی کورت بە وڵاتانی دەرەوە و کات بەسەربردن تیایدا، فڕۆکەخانەمان نەبوایا چۆن جەژنی قوربانی ئەمساڵ سەدان بەرپرس خۆیان دەگەیاندە سەماخانەو قومارخانەکەی شەرم شێخی میسر، دەبوایا بەس بە خەو لە فلیمی عادیل ئیمام ئاخیان بۆ هەڵکێشایا و سینەیان بۆ بادانەکانی بکوتایا.

کاتێك شەو پێ دەنێیتە ئاسمانی کوردستانەوە، بە پێچەوانەی وڵاتانی دی شاری پڕ لە چراخان و قەشەنگ دەبینی، لێ لە کوردستان شەوانە هەست دەکەیت لە وڵاتی تاریکستانیت، ئەو تاریکستانەی لە چیرۆکە ئەفسانایەکاندا کەس پێی نەگەیشتووە، ڕوناکی باڵەخانە و چراخانی گڵۆپی ڕەنگاو ڕەنگ و ڕۆشنایی شەقامەکان نابینیت.

لە هەموو ئاسمانی وڵاتانی دی زیاتر ئەستێرەکان ئاسمانی کوردستان ژمارەیان زۆرتر و بە شەوقتر و زیاتر دەجریوێنن، تیشکی زێڕینیان ڕونتر بە ئاسماندا پەخش دەبێت، لەم تاریکە شەوەی ئەنگوستە چاوەی کوردستانەوە بۆت دەردەکەویت نەك تەنها لە سەر زەوی، بەڵکە لە ئاسمانیش شارەکانی کوردستان جیاوازی نەك لەگەڵ دوبەیدا هەیە، بەڵکە زۆری ماوە بگات بە کابول و مەقەدیشۆ، هەموو ئاسمانی کوردستان جگە لە سەری ڕەش و دوکان سەرتاپای شەوانە لە شەوەزەنگ و تاریکییدا غەرقی ڕەشاییە، تەنها لە ئاسمانەوە هەست بە چراخانی ئەو دوو پنتە دەکرێت.

لە ئاسمانەوە هەست دەکەیت فڕۆدگای نێو دەوڵەتی لەوڵاتی تاریکستانیدا زۆر بێ مانایە، کاتێك لە شاری پڕ شارستانی دەنیشێیتەوە، گڵۆپە ڕەنگا و ڕەنگەکانی کۆگای بازاڕە بەخەبەرەکانی نیوە شەو دەستت بۆ دەگرێتەوە و لە باوەشت دەگرێت، بەڵام لە کوردستان تاریکە شەو ترس لە جەستەت دەچێنێت، هەست دەکەیت بەرەو دزەخ دەچیت، خوا خواتە نەنیشێیتەوە بەو شەوە تاریکە سامناکە، هەر لە ئاسمان لە نیگابانی دەشت و دەرە سامناکەکان و شارە خەوتووەکان بمێنیتەوە، بەڵام لە ڕۆژدا گۆیژەو پیرەمەگرون و سەفین بە مەندیلی سپییانەوە پێشوازیت لێ دەکات، بە تۆ بێت لە ئاسمانەوە خۆت فڕێ دەیتە باوەشی سپییانەوە.

لە فڕۆدگاکانی کوردستان، لە دابەزین و سواربووندا بەرەو ڕووی پێشوازی فەرمانبەرانێکی میهرەبان دەبیتەوە، بە پێوەری ڕێز و ستایشی ئەم کارمەندانە بێت، پێ دەنێیتە وڵاتی گاندی و نەهرۆ و ماندیلاوە، نەك وڵاتی 500000 پۆلیس و سەدان هەزار مۆنیکاو لەیلا عەلەوی.

ئەگەر سەفاو مەروای بەرپرسانی ئەوروپایی، نووسەرانی تەسلیم بوو و هونەرمەندانی ئاهەنگگێڕ و پێیاهەڵدەری بەرپرسان و میوانانی بیانی نەبێت، پلێتی فڕۆکە بۆ کەسانێك لەسەر سۆسیال یاخود بە کرێکاری دەژێن زۆر گرانە، بازاڕی وا گەرم نابێت.

گەشتەکەی من لە کوردستان 5 هەفتەی خایاند، سەرتاپای بریتی بوو لە ڕاکردن لەم ناوچەوە بۆ ئەو ناوچە، لەم شارەوە بۆ ئەو شار، لەم تەلەفزیۆنەوە بۆ ئەو تەلەفزیۆن، لەم بارەگای پارتەوە بۆ ئەوی دیکە، لای ئەم بەرپرسەوە بۆ لای یەکی دی، هەموو بۆ بەڵگەنامەو فلیم و دۆکۆمێنت پەیداکردن، لەو 5 هەفتەیە یەك ڕۆژ پڕ بەدڵ نەخەوتم و نە پشووم دا، تەنانەت کاتم نەبوو سەر لە فەرمانگەکەم بدەمەوە کە پێشساڵێك وەرگیرابوومەوە لێی، بەهۆی دادگاییەکەی ئانراتەوە بۆ ساڵێك بەجێم هێشت، ڕەنجی 21 ساڵ خزمەتم بە فیرۆ چوو.

ئەوەی کۆمکردەوە لە فلیم و بەڵگەنامە، بەشێکیم خستە ناو جانتایەکی ڕەشی گەورەوە، سەرباری کۆمەڵێك دیاری بۆ سەرکەوت و خەندە و خوناو، هەموویم بە ئامانەت تەسلیم بە فڕۆدگا کرد.

لە هەموو پەیوەندییەکدا سەرکەوت داوای پلەی ستەیشنی دوو و خەندەش ئێم پی دریی و خوناویش ملوانکە و پی دی ئێف و پاقلاوەو قەیماغی لێم دەکرد، پاش دوو ساڵ گفت دان جانتا ڕەشم لۆیان پڕ کرد، لێ تا ئێستاش هەر چاوەڕوانن.

لە کاتژمێر 12 بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری 9-2-2006، بە پەلە خۆم گەیاندە بازگەی فڕۆدگا و بای بایمکرد لە برادەران، پاش پاڵەپەستۆیەکی زۆر خۆم گەیاندە شوێنی کێشانی جانتاکان، 30، 800 کگگرام بوو کێشی جانتاکەم، بۆ 10 کگمە زیادەکە هەر کیلۆیەی لەسەر تەرازووەکە 10 دۆلاری خۆم دا، بەڵام هیچ وەسڵێکم لە بەرامبەردا وەرنەگرت، لە جیهاندا لە فڕۆدگای واق واقیش شتی وا ڕووی نەداوە، پارە بە دەست لە فڕۆدگای نێو نەتەوەیی وەرگرترێت، تەنانەت هەقی گرامەکانیش، یەکسەریش بچێتە گیرفانەوە!!!.

بەشێك باش لەو کاسێت و بەڵگەنامانەی پەیدام کردبوو لە سەفەرەکەمدا خستبوومە ناو جانتایەکەوە بە دەستمەوە گرتبوو، دەرچوونی ئەو کاغەز و بەڵگەنامانەم لا گرنگتر بوو لەو داوو دەرمانەی کە د. ئەحمەد صابیر بۆ خۆم و خەندەی نوسیبوو، کە زیاتر لەدوو ساڵ بوو بەو نەخۆشییە دەتلێتەوە، یاخود ئەو موفەڕك و ئاوی زمزمەی لە مەکەی پیرۆزەوە بۆ چاککبونەوەی خەندە خزمێکی هێنابووی، هەرچەندە من قومێك ئاوی ماخۆ بزنان بە هەموو ئاوی کەوسەر و زمزمی دونیا ناگۆڕمەوە.

خاتوو کوردستان موکریانی نەبوایا، دەبوایا ئەو جانتا پڕ بەڵگەنامەیەشم بخستایەتە بان لاستیکە ڕەش کە کەس نایزانی بۆ کوێ دەڕوات؟؟؟؟. زبڵدان یان. . . . . . ، نازانم چۆن پارەی کێشی زیادە وەردەگرن لە کاتێکدا جانتای خەڵك لە هەولێر بەجێ دەهێڵن، ئەمە فەرهودە یان کاسبی!!.
کاتێك پاسەپۆرتەکەمیان کۆنترۆڵکرد، بە پەلە خۆم گەیاندە هۆڵی چاوەڕوانی، تا کاتژمێر 4 ی ئێوارە بفڕین بۆ ئەمستردام، کاتژمێر 10 شەویش بەرەو ماڵی بکەمەوە، تکیتی شەمەندەفەری نێوان ئەمستردام و شارەکەی خۆمانم پێش گەشتەکەم ئامادە کردبوو، بۆیە پێویستم بە دراوی ئیرۆ نەبوو، ئەوەی لامبووهەموویم خەرج کرد.
لەگەڵ دانیشتنم لە هۆڵی چاوەڕوانی نووسراوێك بە گەورەیی لەبەردەمم قیت بووەوە، لەسەری نوسرابوو (الحلم اصبح حقیقه) کە بینیم، وتم لەبەر ئەوەی ئەم خەونە دێرینەمان هاتۆتە دی، بۆیە لەوانەیە پێش کاتژمێر 4 فڕۆکەکەمان بفڕێت.
شاشەی تەلەفزیۆنەکانیش کە دوو دانەی گەورە بوون بە ئاسمانی هۆڵەکەوە هەڵواسرابوون کوژابونەوە و خۆڵییان لێ نیشتبوو، لە دڵی خۆمدا وتم ئەوەندە لێرە دانانیشن بۆیە هەڵی ناکەن، تەنانەت کارمەندەکان کە هەموو بە تەسکییەی پارتەکەیان ببون بە فەرمانبەر، تاقەتی ئەوەیان نەبوو تەلەفزیۆنەکەیانمان بۆ بکەنە سەر کەناڵەکانی پارتەکەشیان.
کاتژمێر بوو بە 4، کەوتمە خۆ ڕێك خستن و خۆ کۆکردنەوە، بەڵام هیچ دەنگۆیەك لە هاتنی فڕۆکەکە نەبوو، وتم لەوانەیە کەوتبێتە فیلای (قەرەباڵغی و ڕێگیران بە هۆڵەندی) ئاسمانی ئەتروش و زرارەتییەوە بۆیە دواکەوتبێت، گەیشتە کاتژمێر 5 هەر دیار نەبوو، وتم لەوانەیە لافاوەکەی دوێنێ زێرابەکان ئاسمانی گرتبێت؟.
هەموو بە پەلە خۆمان گەیاندبووە فڕۆدگا، بۆیە کەس نانی نیوەڕۆی نەخواردبوو، وردە وردە برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیین، سکەکان بە دوای یەکدا کەوتنە جورە لێدان، لەپڕ یەکێك لە کارمەندەکان هاتنە ژورەوە هاواری کرد:
-کێ منالی پێیە شوێنەکەیم پێ بفرۆشێتەوە، منالەکەی بکاتە باوەشی.
لە جیهاندا نەبووە، ژمارەی گەشتیاران لە ژمارەی کورسییەکانی فڕۆکە زیاتر بێت، ئاخر بە گوێرەی ژمارەی کورسیەکان هەر فڕۆکەیەك شوێنی فریاکەوتنی ئۆکسجین و خۆپاراستنی هەیە لە کاتی تەنگانەدا. گەشتیارێکی کوردی سویدی شوێنی دوو منالەکەی دا پێی.
دوو کاتژمێر بەسەر وادەی فڕیندا تێپەڕی، دەنگ و باسی فڕین هەر نییە، چووم شتێك لە فرۆشگای فڕۆدگاکە بکڕم، نەمزانی ئەمە سوق حورە بوو، یان سوقی دەست بڕینەوە، هەر شتێك چەندین جار بە نرخی دەرەوە دەفرۆشرا، ئەمەشم کرد بە قوربانی ئەو خەونەی بوو بە ڕاستی، گرنگ نییە با بە ئارەزووی خۆیان ببڕنەوە، دەست و قاچ و مل.
کاتژمێر هەر سەر دەکەوێت و فڕۆکەش هەر ناگات، منیش بە ماڵەوەم گوتووە نەخەون کاتژمێر 11ی شەو لە ماڵەوەم، نەفەرەکانی دیش هەموو کەوتنە جوڵە بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە کەس و کاریانەوە، تاکو چاوەڕوانیان نەکەن لە فڕۆدگای وڵاتەکانیان، ئاخر مەگەر خوا بە گەورەیی خۆی بزانێت سەرنشینی چەند وڵات لە فڕۆکەکەدا بوبێت (هۆڵەند – دانیمارك – سوید) لە یۆنانیش بۆماوەی شکاندنی سوکە خەوێك فڕۆکە لای دا. سندانم لە خۆم دا خەفەتم لە دڵدرەکان دەخوارد، ڕێگەیەك نەبوو بۆ پەیوەندی گرتن، فڕۆدگای نێونەتەوەیی هەولێر وا بزانم یەکەم فڕۆدگایە لە جیهان تەلەفۆنی گشتی تێد نییە.
لە پڕ وتیان ئەرێوەڵا گەیشت، ئۆخەیەکم هەڵکێشا، هەموو کەوتنە جوڵە و پاڵەپەستۆ، بەڵام هیچ دیار نەبوو، لە ناکاودا جارێکی دیکە تکیت بڕەکە هاتەوە بە دەم هاوارەوە بانگیکرد: کێی دیکە منداڵی پێیە ڕجای گەورەتان لێ دەکەم شوێنەکەیم بدەنێ.

کەمێك دی فڕۆکە دوا بکەوتایە هەموو شوێنەکانمان بۆ دووەم جار دەفرۆشرایەوە، ترسام بمانکەنە شوێن جانتاکانەوە، ئەوانیش ناهەقیان نییە قوڕ بەسەر ئەوەی داواکاری بەرپرسێك ڕەتدەکاتەوە، کۆمپانیاش دادەخرێت و خۆشی بۆ جارێکی دیکە ئاسمانی کوردستان نابینێتەوە.

ئەی لەناو فڕۆکە چی گوزەرا

ترسی ئەوەم هەبوو فڕۆکە مێشاوییەکەی کۆمپانییای ئەلکسەندەری یۆنانی بمانگەیەنێتەوە ئەمستردام، جاڵجاڵۆکە قژمان پیس بکات، کە فڕۆکەکەی مۆدێلی ئێم دی یە، جۆرە فڕۆکەیەکی تەنها لەگەشتە ناوخۆییەکانی ئەوروپا لە نێوان شارەکان بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوەی نرخی هەرزانە و بازاڕییان کەسادە، بۆیە ئامادەییان هەیە گەشتی کوردستان بکەن، هەرچەندە خۆیان بۆ گەشتی نێوان شارەکان تەرخان کراون، بەڵام کورد لە گەشتی نێوان قارەکان بەکاریان دەهێنێت.

سەیرم کرد کلکی فڕۆکەکە بە ڕەنگی شین نەخشێنراوە و لەسەری نووسراوە
Viking Air Lines، دڵم خۆش بوو کە فڕۆکەیەکی دوا مۆدێلی مارکە نایابمان بۆ هاتووە، لەبەر ئەوەی کۆمپانیای فڕۆکەکە سویدییە. نەك جۆری فڕۆکە، بەڵکە ماشین و پاسکیل و چوارپێش ناناسمەوە، مناڵ بووم ئەوەی چوار پێ بوایە بە باع ناو دەبرد، دوایی زانیم ئەم فڕۆکەیەش هەر ئێم دیەکەی جاری جارانە، تەنها ناوی کۆمپانیاکەی گۆڕاوە، هەر چەندە ئەگەر فڕۆکەیەك لە فڕۆدگایەکی ئەوروپی بنیشێتەوە، یاخود لێوەی هەڵسێت، ئەوا سەلامەتی فڕینی هەیە، بەڵام سواربوون لەم جۆرە فڕۆکانە تەنها بە قسمەت و نسیبی هەژاران و بیانییەکان دەبێت، ترسی ئەوەم هەیە ئێم دی کە لە خەویشدا کورد ناوی نەبیستووە، خوانەکەران ڕۆژێك لە ڕۆژان لایەك لە شارێکی کوردستان ڕەش پۆش بکات، بە دەردی ئەنتۆنۆفەکانی ئافریکامان بەرێت.

ئەم کۆمپانیایە تەنها خاوەند 3 فڕۆکەی لەم مۆدێلەیە، داخوا چەند بە دەست بێ بازاڕی تلابێتەوە، وا ئێستا ڕێگای زێڕی لە کوردستان دۆزییەوەتەوە، لە ژیانی بازاڕی وا گەرم نەبوەو فڕۆکەکەشی ئەوەندە گەشتیار لەسەر پشتی دانەنیشتووە، بۆیە موزیفەکانی هەر زوو فێری چەند وشەو زاراوەیەك کوردی بوون، سارد و سەموون هەموو دەم لەسەر زاریانە.

ئیتر کورد خاوەند کۆمپانیای گەشت و گوزاری تایبەتی خۆی بێت، لە ژورەوە دەبێت چی بقەومێت، لەو بڕوایەدام فڕۆکە خاوەنی کۆمپانیای خۆماڵی و فڕۆکەوان کورد بێت، پەنجەرە کردنەوەو سەر دەرهێنان و قونجڕك گرتن لە موزیفە و تاوڵی و دۆمینە یاری کردنیشی تێ دەکەوێت.

قوڕ بەسەر ئەو کاروانەی بەرپرسێکی قەبەی عەنتەری تێ دەکەوێت، لەوانەیە سەماو خواردنەوەشی بۆ ئامادە بکرێت، کەل و پەلی دەست بە ئاو گەیاندنیشی بۆ بهێنرێتە شوێنی دانیشتنەکەی.

ئەم گەشتەی ئێمە کە لە 9-2 دەستی پێکرد، کاتژمێر 9 ی شەو فڕۆکەکەمان ئاسمانی تاریکی ئەنگوستە چاوی هەولێری بەجێ هێشت، 5 کاتژمێر لە گەشتەکە دواکەوت، هەر کۆمپانیایەکی دی 5 کاتژمێر گەشتیارانی دوا بخستایا، نەك هەموو پلێتیان خۆڕایی بوو، بگرە قەرەبووی کاتژمێرە لە دەست چووەکانیشیان بۆ دەکرایەوە، کەچی نەفەرێکی ئێمە کەمێك بۆڵەی کرد، کاکی تکیت بڕ خەریك بوو لایەك ناوچەوانی بێنێتە خوارەوە.

ئەوەی باش بوو لەوکاتە دڵم لای جانتاکەم نەبوو، لە ژیانم لە گەشتدا جانتام بزر نەبووە، تەنها دڵم لای ئەو برادەرانە بوو لەسەر جانتاکانیان خۆیان گرموڵە کردبوو، تا نەفەرەکان بە پەنایانا بەرەو تەوالێت بچن، لەوێدا مەسلەحەکەی کۆمپانیای سەفینی ڕێگای هەولێر –

كەركووكم بە بیر هاتەوە، یەكەمجارە نەفەر بە پێوە لە ناو فڕۆكە تەنانەت لە فلمیش ببینم.
جگەرە كێشان و تەلەفۆنكردن و ویسكی خواردنەوەو خۆ خشاندن بە جەستەی نەرمی موزیفەكان تەنها لەناو ئەوفڕۆكەیە بینیبووم، ئەوەی باش بوو وەختی شەڕە پەڕۆی كەسك و زەرد نەبوو، تا لەو ئاسمانە ببێتە جەنگ و فڕۆكە بەربێتە خوارەوە، چاوەڕوانی ئەوەش بن لە كۆمپانیای فڕۆكەوانی كوردستان، نە خوازەلا لە داهاتوو زەرد فڕۆكەی كەسك و كەسكیش فڕۆكەی زەرد بە بارمتە بگرێت!.
فڕۆكەكە ئەوەی باش بوو شوێن بزنس مانی تێدا نەبوو، بۆیە یەكەم فڕۆكەو شوێن بوو، تاكو ئێستا من پێی گەیشتبێتم یەكسانی تێدا بەرقەرار بێت بۆ هەمووان بە بێ جیاوازی، ئەوەش لە پیاوەتی خۆیانەوە نەبوو، بەڵكە بزنس مانەكانی سوید پێیان شەرمە بەلای ئەو جۆرە فڕۆكانەدا بچن، نەخوازەلا سواریشی بن.
ئەم مۆدەیە لە فڕۆكە، لەبەر ئەوەی بۆ گەشتی ناوخۆیی بەكار دێت، بۆیە تانكی بەنزینەكەی بچووكە. فڕۆكە دەبێت نەفەر كەم بار بكات تاكو بەنزین زیاتر هەڵبگرێت، فڕۆكەی ئێم دی بە شێوەی ئاسایی شوێنی 165 كەسی تێدایە، بۆیە باشترە 145 كەس هەڵبگرێت بۆ سەلامەتی فڕۆكەوانی، بەڵام لە گەشتەكەی ئێمە هەر كەسە بوو بە پێوە ڕاوەستابوو جێگەی فرۆشرابووەوە، هەر مناڵە بوو بە باوەشی دایك و باوكییەوە بە دەم گریانەوە دەتلایەوە، بەم هۆیەوە زانینی ژمارەی گەشتیاران زۆر گران بوو. كێش كە زۆر بوو سەلامەی فڕۆكەوانی نامێنێت، بۆیە دەبوایا بەشێك لە جانتاكان بەجێ بهێڵن، هاوكات بەنزینیش كەم هەڵگرن، بە ناچاری بۆ بەنزین هەڵگرتن لە ئەسینا فڕۆكە ناچار بوو بنیشێتەوە.
ئەوانیش ناهەقیان نییە، بەرپرسەو لە كوردستانەوە دەگەڕێتەوە ئەوروپا، لە ترسی ئەنفلۆنزای باڵندەیە هەڵدێت، یاخود قوڕاوی لافاوەكە تەنگوتاوی كردووەو زۆری بۆ هێناوە، بەزمی شەوانی لێ تێكداوە.
باشە كۆمپانیای برینی تكیت چی بكات؟ دەوێرێت لە بەرامبەریان چی بڵێت؟، ئەوان تەنها پلێت بڕێكن و هەر پلێتەی 15-25 ئیرۆیەكیان دەست دەكەوێت، حوتە گەورەكە كۆمپانیای ساوانە بەزمەكە دەنێتەوە، ئەویش گەورە بەرپرسێكی لە پشتەوەیە و كەس ناوێرێت ناوی بە خراپە ببات.
دیارە كێشەی كێش، زۆری نەفەر، لێپرسینەوەو لێكۆڵینەوە لە پاسەپۆرتەكان، هەموو دەم كێشە دروست دەكەن بۆ فڕۆكە هەڵساوەكان لە كوردستان. فڕۆكە بە كاتژمێر بەكرێ دەگرترێت، بۆیە چەندە لە هەڵسان و بەتاڵ كردندا دوا بكەوێت ئەوەندە زیان دەكات.
بە گوێرەی وتەی یەكێك لە بەرپرسان، لە هەر هەڵسانێكدا 110 سەرنشین كەمتر هەڵبگرن ئەوە زیان دەكەن، ئیتر نازانم ئەمە چەندە ڕاستە، بەڵام كە ژمارەی سەرنشینان گەیشتە 180 ئەوا قەپاتن، جانتای عەلیش قەیماغەكەی ناوی كرم لێی دەدات یان كام پۆلیس دەیخوات گرنگ نییە بۆ ئەوان.
هەرچەندە جیاوازی نێوان هەردوو شاری دۆسلدۆرف و ئەمستردام ئەوەندە نییە، بەڵام نرخی پلێتی دۆسلدۆرف زۆر هەرزانترە لە ئەمستردام، گوایە ئەم بەرزی نرخی پلێتە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە جیاوازی لە ماوەی كۆنتراكتەكان، تا ماوەی كۆنتراكتەكە زیاتر بێت نرخی پلێت هەرزانتر دەبێت، ئەگەر مەسەلەی كۆڕەك تیلیكۆمەكە لەمەش دووبارە نەكەنەوە تا ئاسمان مابێت هەولێرلاین نرخی بەرزتر بێت.

## جانتاكەی من بوو بە قوربانی كێ؟

بەنزینی فڕۆكە لە كوردستان نرخی هەر لیترەی بە 60 سەنتە، زۆر زۆر كەمتر لە نرخی ئەوروپا، بۆ كورد گرنگ هەڵگرتنی بەنزینی هەرزان و گەیشتنی كەسە نەك كەل و پەلەكانیان، هەرچەندە نرخی كیلۆی كەس هەرزانترە لەنرخی كیلۆی كەل و پەل.
ئەو ڕۆژەی من هاتمەوە كۆمپانییای Gabriel Europe B. V كە كاری دامەزراندنی كامیرای چاودێرییە بۆ بەرپرسان، دوو سندوقی گەورەیان پێ بوو، ئەگەر فڕۆكەكە كەشتییەكەی نوحیش بوایا خواردنی بۆ هەموو جۆرە گیانداریك هەڵبگرتایا، هەر ئەو دوو سندووقەی پێ هەڵدەگرترا، هەرچەندە ئەو كۆمپانیایانە ئەگەر بۆ پاراستنی هەموو گەل كار بكەن، لە پێناو ئەواندا جانتاكەشم سەری تیا بچێت وەك تیا چوو بەلامەوە گرنگ نییە.
كە گەیشتینە جێ كاتژمێر بەرەو 3 ی بەیانی دەچوو، ماوەیەك چاوەڕێمانكرد هیچ نەبوو، پاشان هەندێك جانتا بۆ سوێند بە بەردەمماندا خولانەوە، ئەوەی منی تێدا نەبوو، بە لاوەندم وت: كاكە ناوەكانمان بنووسە، بەڵام نەیكرد، ئاخر ئەو ناوی كێ و بۆچی بنووسێت، خۆی دەزانێت چی كردووە، بەلای ئەوەوە گرنگ دەسكەوتە نەك جانتای كەسەكان، هەستی نییەو نازانێت چەند سەت منالّ چاوەڕوانی دیاری باوكیانن، نازانم بەجێ هێشتنی جانتا لە هەولێر و هێنانی كەسەكان بە بەتاڵی، فێڵكردن لە سەرنشینان و دەستبڕینیان ناچێتە خانەی دزییەوە؟؟.
دام نا بوو كە گەڕامەوە ئەمستردام هەر بەو تكیتە بڕۆمەوە كە پێش چونەوەم ئامادەم كردبوو، بەڵام تاكو من لەم ئەمسەر و ئەوسەرە بومەوە كاتژمێر لە 5 لایدا، تكیتی من كە بە كۆرتین كارت (كارتی هەرزانكردن) بڕیبووم بە كەڵك ئەو كاتە ناهات، ئەوجا كەوتمە سواڵكردن، ئاخر من دامنابوو 10ی شەو بگەمە جێ، كەچی گەیشتە 5 ی بەیانی هێشتا وا لە فڕۆدگا بە دوای جانتایا خول دەخۆمەوە.
ئەو گەنجە ڕیش سەك سوكییەی بە پەلە وەك تروسكەی چاو لەسەر كیلۆكە پارەكەی لێمان وەردەگرت و بەهەردوو دەستی دەیپەستایە گیرفانییەوە، بەویشم وت ناومان بنووسە، هەر ئاوڕی لێم نەدایەوە.
لەو ڕۆژەوە ئەوە دوو هەفتەیە ڕۆژانە ئێمە تەلەفۆن بۆ ئەم فڕۆدگا و ئەو فڕۆدگا دەكەین، لە هەر كوێیەك فڕۆكەی كوردی بنیشێتەوە هانای بۆ دەبەین، بەڵام جانتا دیار نییە.
ئاخر من پاقلاوە پاش 3 هەفتە ئەگەر جانتا بێتەوە كوێی بخۆم، ئەی قەیماغی موێڵ، سەیری خۆی یان كرمەكانی بكەم، ئەی ئاوی زمزم و خورمای مەككە، چۆن جارێكی دیكە بچمەوە لای پلكە فاتمی شێخ وەسانان داوای قسەكردنی لێ بكەم لە سەر بارودۆخی ژیانی، ئەی نالێت درۆزن دوێنی قسەم بۆت كرد.
باوەڕ ناكەم فڕۆدگای سخیپول لە تەمەنیدا بە ئەندازەی ئەم ماوەیە بۆ چارەنووسی جانتا تەلەفۆنی بۆ كرابێت، قوڕ بەسەر هەر وێستگەیەك ستۆپ فڕۆكەكەی كوردستان لێی لابدات، بە ئەندازەی پارەی باجی ترانزێتەكە دەبێت فەرمانبەر بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆنی كورد تەرخان بكەن، ئەی هاوار جانتاكانمان چیتان لێی كرد.